# بۆچی ده نگ نه ده ین

هه ڵبژاردنه کانی عێراق ، کوردی خستۆته به رده م قه یرانێکی چاره نووسازه وه.
که ئاساییه پرۆسه که هه م لایه نگیری هه بێت هه م نه یاری سه ر سه خت.
ده کرێت بڵێین ململانێکه توند و تیژه له نێوان هه ردوو گرووپی ئا و نا دا.
گه ر هاو کێشه که ساده بکه ینه وه وا ده نووسرێت:
به شداری کردنی هه ڵبژاردن = خیانه ت.
به شداری کردنی هه ڵبژاردن = ئه رکێکی نیشتمانی و نه ته وه یی .
خیانه ت ناسنامه یه کی قێزه ونه له فه ر هه نگ و کولتوری کوردا که ده بێت بۆچی نه یارانی ئا وا به سانایی ده یکه نه کاڵای به ری ئا .
به بڕوای من دوو لایه نی کێشه که له دڵسۆزیانه وه بۆ کێشه ی کورد ململانێیانه ، به ڵام به ره ی ئۆپۆزیسیۆن توندتر له پێویست هه ڵوێستیان له ده ربڕیندا وه رگرتووه
پرسیاری من ئه مه یه:

1- ئایا هه ڵبژاردن یه کێتی و پارتی نه کرده ها وپه یمانێک که خه ونی هه ر هه موومانه ( مه به ستم ئاستی ئێستای ئه م هاوپه یمانێتیه یه ).
2- گه ر ڕ ێکه وتنی واشنگتۆن و خودی ئۆلبرایت و ئه و هه موو پاڕانه وه و نزایانه ی کورد و دۆسته کانی نه یتوانیبێت هه ردوو ئیداره که بکاته وه یه ک، ئایا هه ڵبژاردن نایکات ،که به بڕوای من هه نگاوی یه که می شه رعیه تی ده سه ڵاتی کوردیه له کوردستان.
3- په رله مانی کوردستان که هیچ پاساوێکی یاسایی و شه رعی نه ماوه ، له سایه ی پرۆسه که دا یاسایی و شه رعیه تی بۆ ناگه ڕێته وه. ئایا هه ڵبژاردنه کانی کوردستان نایکاته ده زگایه کی دانپیانراو له ئاستی ی نێونه ته وه یی و ناوچه یدا کاتێ نه ته وه یه کگرتوه کان شاهیدی یه تی.

پرسیاری هه ره گرنگ که ده بێت تاکی کوردستانی بیکات ئه مه یه:
له به ر هه موو هۆکارانه ی که هۆکاری دروست نه بوونی ده وڵه تی کوردین له ئێستادا ، ئه ڵته ر ناتیڤ ئه مه یه بچینه شه ڕ و ململانێی به رژه وه ندیه کانی ئه مریکا و به ریتانیا و بگه ڕێینه وه بۆ شۆڕشێکی تر ، که مێژوو ی 80 ساڵی ئێمه له ئاوا شۆڕشێکدا لایه نی دۆڕاو هه ر کورد بووه . یان شۆڕشێکی سپی سیاسیانه ( یه کگرتوانه ) بکه ین که ئاقاری به رژه وه ندی نه ته وه یمان هاوته ریبانه به به رژه وه ندیه کانی بڕیارده ری نه خشه ی سیاسی ئێستا و داهاتووی ئێراق و ناوچه که ش بێت.
. ده کرێت سه رکردایه تی سیاسی کورد بانگه شه ی مه رگی گه له که ی خۆی بدات و دوای ته مه نێکی دوور و درێژی کوردایه تی
به هه موو ناته واوی و هه ڵه گه وره کانیشه وه بگاته ئاستی به شداری پرۆسه یه ک که گۆڕ هه ڵکه ندنی خه ونه

**نه ته وایه تیه کانمان بێت.**
**.ئایاهه ڵبژاردن شه ڕێکی دیموکراسی نیه که کورد بۆ ده ست که وتی زیاتر له( ئێراقیێکدا که ناچاره به شێکی بێت) ده یکات.**


شێرزاد خراجیانی

**shirzad@malmo 2 .net .**